# فێربونی دەرسێك لەڕابردو بۆ هەڵبژاردنەكانی داهاتو

ئەبوبكر ئەحمەد سلێمان
bahman@planet.nl

لەدوای 86 سـاڵ لەخەباتی بێ وچان و

خەرمانێك لە خوێن وقوربانی خەڵكی كوردستان ،

لە پێناوسەربەستی ورزگاری نیشتیمان ،

بەنرخی دەریایەك لەفرمێسكی چاوی دایكی شەهیدان ،

14 سـاڵ ئازادی لەبەرهەمی ڕاپەڕین وبەرخۆدان ،

بەهەدەردانی 14 سـاڵ لەگەورەترین فرسەتی مێژوویی بەرەوسەربەخۆیی ورزگاری یەكجاری بەهۆی ململانەی نادیموكراسی یانەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی كورد لەژێر پەردەی پیرۆزی كوردایەتی وحكومەتی كوردستان وپارلەمان .

ئەمڕۆچارەنوسی ئاییندەی سیاسی كوردستان لەهەموكات زیاتربەقۆناغێكی زۆرهەستیاری مێژوویی داتێ دەپەڕێت ، لەدەست نەدانی دواین فرسەتی مێژوویی ئەم قۆناغە وبەدەستهێنانی مافەقەومیەكانی خەڵكی كوردستان ، لەم كاتەناسـكەدا ڕاسـتەوخۆلەگەروی یەكڕیزی ئەحزابی كوردستانی ویەكگرتنەوەی هەردوئیدارەكەی هەولێروسلێمانی ودامەزراندنی حكومەتێكی یەكگرتوی كوردستانی دایە ، یەك نەگرتنەوەی هەردوئیدارەی هەرێمی كوردستان ودرێژەدان بەشەڕی سـاردی نێوان ئەم دوحیزبە ، دەست كەوتەكانی ڕاپەڕین وچارەنوسی ئاییندەی سیاسی كوردستان دەخاتەمەترسیەكی جددی یەوە و یەكێتی وپارتی ڕاستەوخۆلەپێش هاتەكانی داهاتوی سیاسی كوردستان بەرپرسـیاردەبن ، تەنهابەئیرادەی یەكگرتوانەی خەڵكی كوردستان ویەكێتی ئەحزابی كوردستانی ویەكگرتنەوەی هەردوئیدارەی هەرێم ، لەچوارچێوەی حكومەتێكی یەكگرتوداو بەشێوەیەكی ڕاستەقینەلەسەربنەماو پرەنسـیبـی دیموكراسی یانەودورلەتەوافـقات وبەرژەوەندی تەسكی شەخسی وحیزبی ، ئیمكانی ئەوەهەیەحیزبەكوردستانیەكان بەپشتیوانی جەماوەری خەڵكی كوردستان پێش بەمەترسی یەكانی ئاییندەبگرن ونەخشەوپلانی داگیركەران پوچەڵ بكەنەوە .

سەرەڕای هەموئەوهەڕەشانەی كەرۆژانەلەلایەن ئەحزابی مەزهەبی وناسیۆنالیستی عەرەبی گوێ بیستی دەبین سەبارەت بەدواخستنی چارەسەری كێشەی سیاسی كەركوك ومەسەلەی دەسەلات وسنوربەندی جوگرافیای كوردستان بۆدوای پرۆسەی داڕشـتـنەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق ، تائێستاش یەكێتی وپارتی سەبارەت بەیەكخستنەوەی هەردوئیدارەكەی كوردستان ، بەهۆی زاڵ بونی ئەفكاری بیروكراسی یانەوبەرژەوەندی شەخسی وحیزبی كەمترین مەسئولیەتی خۆیان لەبەرامبەرمەترسی یەكانی ئاییندەوچارەنوسی سیاسی كوردستان نیشان نەداوە ، بەپێی هەواڵەكان لەدواین كۆبونەوەی مەكتەبی سیاسی هەردولا ، لەكۆتایی مانگی 6-2005 هیچ پێشكەوتنێكی جددی و ڕاسـتەقـینە لەپەیوەندیەكانی نێوان ئەم دوحیزبەسەبارەت بەیەكخستنەوەی هەردوئیدارەودامەزراندنی حكومەتێكی یەكگرتو ڕوی نەداوە .

بۆیە پێویستەسەرجەم خەڵكی كوردستان بەگشتی ونوسەران وڕۆشنبیرانی ئازادیخوازی گەلەكەمان بەتایبەتی ، فشاری سیاسی خۆیان لەبەرامبەرسیاسەتی نامەسئولانەی هەردوحیزبی دەسەلاتدارلەكوردستان

توندتروكاراتربكەنەوە ، بەمەبەستی ناچاركردنی ئەم دوحیزبەبۆئەوەی مل بەئاشتی ڕاستەقینەبدەن ولەپێناوبەرژەوەندی باڵای خەڵكی كوردوئایندەی سیاسی كوردستان ، دەست لەسیاسەتی تەوافــقات وبەرژەوەندی تەسكی شەخسی وحیزبی هەڵبگرن وبەزوترین كات هەردوئیدارەی هەولێروسلێمانی تێكەڵاوبكەنەوەوحكومەتێكی یەكگرتوبەكاملی وەزارەت و دەسەڵاتەوەلەسەرتاسەری كوردستان ڕابگەیەنن ، تەنهالەم ڕێگایەوەدەكرێ سەنگ وقورسایی سیاسی كوردستانی بەشێوەیەكی یەكگرتوانەلەبەرامبەرتەرح وبەرنامەی شۆڤێنیزمی عەرەبی وئەحزابی ناسیۆنالیستی دا ، سەبارەت بەدواخستنی چارەسەری كێشەی كەركوك وزۆرلەكێشەگرنگەكانی تری كوردستان نیشان بدرێت وچەســپاندنی داخوازیەقەومیەكانی خەڵكی كوردستان بكرێتەئەمری واقع .

لەدوای 6 مانگی تربەپێی وادەی ڕاگەیاندراو دیســان ململانەی هەڵبژاردنێكی سەرتاسەری لەعێراقدادەست پێ دەكاتەوە ، حیزبەكوردستانیەكان بەتایبەتی یەكێتی وپارتی ئەگەربەزوترین كات فریای خۆیان نەكەون و ناوماڵی خۆیان ڕێك نەخەنەوە ولەوفرسەتەكەمەی كەلەبەردەمیانداماوەكەڵك وەرنەگرن وكێشەكانی خۆیان یەكلایی نەكەنەوە ، بەبڕوای من لەهەڵبژاردنەكانی داهاتودا ئەوەی كەهەشیانەلەدەستی ئەدەن وكێشەی سیاسی خەڵكی كوردستان بەچارەسەرنەكراوی دەمێنێتەوەوبۆقۆناغێكی تری مێژوویی دەكەوێتەپەراوێزی ڕوداوەسیاسی یەكانی عێراق وە .

ئەبوبكر ئەحمەد ســلێمان

هۆڵــــندا 3-7-2005